

# دڵم جێگەی ساغی نییە، بەحورمە تەوە لەئاوێنە ئەڕوانم و بەرلەوەی بزانم ئەشکێت، ئەیشکێنن ..!

نەمام شێخ بەکر

بەحورمەتەوە یەخەی ئاوێنە بگرە ئەی بەرد
لەنێوان شەق بردن و شکاندا
رەنگە ناسکیم لێبسێنیتەوە..!
من بەحورمەتەوە لەو رێگایانە دەڕوانم
کە پڕن لەفوارەی خوێنینی باوکم
کە دایکم ناناسمەوە
بەپەنجەی قرتاوی شایەتمانیدا ئەبێت..
کە ئەم جاویدانە وونناکەم
تا نەمگەیەنێتە نا کۆتا.
من بەحورمەتەوە گوێ بۆ نەفرەتەکانی کچ بوون......و
ئاوازە خوارو خێچەکانی ژنێتی رائەدێرم.
بەم درەختی ئەرخەوانەوە
سکاڵایەکم هەیە لەجوانی.....و
پێگەیشتنم دەچێتەوە سەر لێوی کچانی کۆڵانەکەم...
رەنگە شەرم بمگرێ.!!
دەچێتە خەیاڵم کە یەکەمجار گوناهم کرد
لەسەر ماچی ئەرخەوان و
ئاشنایەتی من و ئاوێنە بوو کوشتیانم
ئیدی رقم لەئەرخەوان دەبێتەوە.
رقم لەهەر شتێك دەبێتەوە



که درۆیەکی ئەرخەوانیە.. و .. هیچی تر.
رقم لەماچی ئەرخەوانی..و
پیاسەی ئەرخەوانی..و
ئێوارەی ئەرخەوانی دەبێتەوە.
لەحزوور دەنگی خنکاوی شەوەوە
من.. دەگەم بەتۆ...و
تۆ بەپیاوێك دەچیت
دەستت لەمەرگ گەڕابێتەوە...و
بەحورمەتەوە پڕت کردوون لەبەتاڵکردنەوەی ئەو دوعایانەی
کە شەوێك بەرلەوەی گەڕابێتمەوە لەباخچە
لەئاوێنەدا حەشارمداون.
ئاشنایەتی تۆ
لەهیچ دا ناکاتە من
ئەوەندەی کە ئاشنایەتی من لەتاڵێك چاوەڕوانی گوللەیەکەوە
دەکاتە شەرەفی کوڕێنیت.
ئەمەتام من..
بستێك لەخۆم دوورتر..و
نازانم چەند بستیش لەتۆ.
بەبێدەنگی بێدەنگی ئەژمار ئەکەم..و
لەنێوان جارێك..و
دووان..و
سیاندا
نەئەگەمەوە هیچی سەرەتا..و
نەدەچمەوە سەر هیچی کۆتا.
کەچی لەنەڕەی هاتنێکتدا پەنجەرەیەك نامێنێتەوە بۆ دەستپێکردن.
ئەمەتام.. من
کچێك بەبارستایی شەو.... تووڕە لەدایکم
بەقەد میهرەبانی باوکم بۆ کوشتنی ماچێك...
لەجێی حورمەتی هەزاران نوێژ
میهرەبان تر..
بەقەد تامەزرۆیی تۆ بۆ شەقبردنی ئاوێنە..
نائومێد لەتەماشا.
بەقەد نائاشنایی و ترسنۆکی لێوەکانم بۆ ماچ
ئاشنا بەم دەستە کەنەفتانەی
هێزی ناسینەوەی ئاویان نەماوە.
تۆ.. لەئەزەلەوە بۆ ئەوەی وەك حەقیقەتێکی تاڵ ئاوەژووی خەونەکانم کەیت

فێربویت کە چۆن لەنیوەی دێڕێکدا
بەدیار خامۆشی مۆمدانێکەوە
حیکایەتەکانی تاریکیم پێ لەبەرکەیت..و
تا سبەینێیەکی تر دەستم حەشارگەی خەیاڵێکی کچانە بێت.
فێربوویت..
کە چۆن لەباخچەوە پاسەوانی پەنجەرە بکەیت‌و
کە چۆن شیعری دەسگیرانم
بەنوکی شمشێرەکەت سەربڕیت.
من خۆم نیم ئەو وەختەی تۆ پێمەگەیت
نە لێرەم‌و
نە لەهیچ  کوێ.
ئەوە نەزری بێ شەرعی کچێکە
کە دەستگیرانی شیعر بێت
ئەمدا بەتۆ...و
بۆ ئەوەی شیعر نەکوژیت
سێبەرەکەشم دیل ئەکەم
چونکە کوشتنی شیعر کوشتنی منە.. نەك کوشتنی من تەواوبوونی شیعر بێت.
ئەوە تۆ نیت شەرم بکەیت لەکوشتنم..
ئەوە منم رقم لەشکانی کەلەپچە بووە..و
دەستەمۆی دیلییەتی بووم.
بۆیە حورمەتی ئازادیم لەژن بووندا کلۆم دراوە‌و
حورمەتی شکانم تکا کردووە.
ئەوە منم لەژێر لۆچی عەباکەی دایکمەوە
ئاسوودەییەکانت ئەژمێرم لەفێربوونی من بۆ شەرمی کچێنی..و
بەرلەوەی بزانم ژمارەی کۆتات نییە
ژمارەی بێ شەرمیت ئەمخاتەوە ژێر رەشایی ئەو عەبایە.
بەحورمەتەوە پێیەکانت هەڵگرە
کە عەیامێکە لەڕوحی رژاومت توند کردووە..و
سەرت لەئاسماندا گێژە کە ناتوانیت دانەویت.
ئەگەر ژانی رووحم نەتباتە قیژەیەك لەسەروو شەوەوە
تۆ چ ژانێکیت.. ئەی بەرد؟
بەخیلیمدێ کە ئەتوانیت جورئەتی چاکبوونەوەم نەدەیتێ
وەختێك ووردوخاشم ئەکەیت.
ئیدی دڵم جێگەی ساغی نییەو
جگە لەشکانی ئاوێنە.. هەرچییەك هەیە ئەیشکێنم تا ئەچمەوە سەر هیچ..و
دەستم بەگەردنی سێوێکەوە دووجار گونهبار ئەکەم.